

هاوار طيب

**لەپێشوازی لەدایکبوونتا**

ئەوە دەمەی هاتیتە وجوود
لەپێشوازی لەدایکبوونتا
سپێدەیەك بووی لێوانلێو،
لەزرینگانەوەی ژیان.
تۆ هاتی ڕابردوو نەبەی و
هەنگاوەکان چیتر دوانەخەی
لەکۆڕسی یەکەمی پێکەنینا.
تۆ!
ئەوەتا تەنیا بەختەوەریت
ئامادە کردووە
بەردەکانی سەر بێداریت
بەچنینەوەی خەونێکی عومرەوە
سپێدەیەکی پۆستکراو و
شەمعێکی دەوری پەروانەی
بینراویتەتەوە.
قرارە بەپێوانەی هاتنی سپێتیت
حەقیقەتێك لەئاسمانی ئومێد بخوازی .
ئیدی فەسڵێك لەڕاڕاییت،
بەپێناسەی بێدەنگی ژیان
بەشانە تەزیوەکانی بێدەرەتانیت،
بڕازێنیتەوە.
تۆ هاتیت و
ڕووناکیت هێنا.

15/1/2013
سـلێمانـی